# بەرگری کردن لە ئازادی یان پاساو کردنی سەرکوت وداپڵۆسین!؟؟

## لە پەراوێزی حوکمی 30ساڵ زیندانی د. کەمالی سەید قادر

ئیبراهیم حسین

لە دادگاییێکی نهێنی وحیزبی ودەست وبرد وپاش نزیکەی 50 ڕۆژێک لە بێ سەروشوێن کردن وڕاگرتنی لە خراپترین هەل هومەرجی ژیان لەلایەن دەزگای جاسوسی وئەمنیەکانی دەسەڵاتی پارتی ، حوکمی 30ساڵ زیندانی بەسەر د.کمال سید قادر داسەپێنرا.

بەڵام ئەمە تەنها حوکمێک نەبوو کەدەسەڵاتدارانی هەولێر بیانەوێ لەڕێگایەوە ئەوتۆمەتانە لەسەر خۆیان لابەرن کە گوایە لەلایەن دکتۆر کمالی سید قادرەوە دراوەتە پاڵیان و تەنها تۆڵەیەکی شەخسی خێڵەکی بنەماڵەیی وخێزانیش نیە کە بە هۆیەوە بخوازرێ ئەوکەس ولایەنەی کەتەعن کراوە ، نا ڕەوایی ئەو تەعنە بسەلمێنێ و مافی کەس ولایەنی تەعن کراو بگێڕێتەوە. بۆ هەریەک لەمانە سەرانی پارتی و دەسەڵاتی هەولێر دەیانتوانی ڕێگای دادگا بگرنە بەر ، دەیانتوانی و دەکرا پەنا بەرنەبەر ئەو دادوعەدالەتەی کە شەوو ڕۆژ ئیددیعا دەکەن کە بە نیازن خەڵکی کوردستانی پێ شاد بکەن و لە کوردستان بەرقەراری بکەن وکەمالی سید قادر بکێشنە پای و لەبەردەم خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی دا بەرگری لە پاکی و بێبەری خۆیان لەو تۆمەتانە بکەن . ئەمە مافی سروشتی و سەرەتایی هەر کەس ولایەنێکەو لەوانە پارتی خۆیشی!!
بەڵام ڕفاندن وبێ سەروشوێن کردن ودواتر سەپاندنی حوکمی 30ساڵ زیندان بەسەر کمالی سید قادرلە شێوەی ئێستای دا و بەهەموو لایەنە پڕ ئازارە شەخسی وئینسانیەکەی بۆ ئەوکەسە، ئیتر لەتۆڵەیەکی خێڵەکی و شەخسی لە نوسەرێک، نارازیەک و نەیارێکی شەخسی تێدەپەڕێ وچوارچێوەوەمەودایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانتر بە خۆیەوە دەگرێت و پەیوەست دەبێتەوە بە چارەنووسی ئازادی و ماف و ئازادیە سەرەتایی و سروشتی وبێ ئەملائەولاکانی هاوڵاتی و جێگەو ڕێگە ی ئەم ماف و ئازادیانە لە فەلسەفەییێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی کە دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان پەیڕەوی لێ دەکاو هەر بەوپێیەش ئەفسانەی دیموکراسی بوون و پێشکەوتوخوازبوون و بەو مانایەش جیاواز بوونی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستانی لە دەسەڵات و ڕژێمە تۆتالیتێر ودیکتاتۆریەکانی تری دنیا و ناوچەکەی ختسە بەردەم لێشاوێکی گەورەی لە ڕەخنەو بێزاریەکی کۆمەڵایەتی سەرجەم ئینسانە ئازادیخوازەکان.

ئەم ڕووداوە ئەنجامەکەی تەنیا ئەوە نەبوو کە ماهیەتی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستانی ڕووت کردەوە لەو ڕەهەندەوەهەم ئامێزەی کە دەیەویست ئەودەسەڵاتە لە ژێرناوی نەتەوەوبەرژەوەندی نەتەوەیی و خەباتی نەتەوە، خەسڵەتێکی دروێنەی دیموکراتیک وخەڵک پەسەندتر بەو دەسەڵاتانە بداو بەوجۆرە ڕەواییەکی پێش وەخت و سازکراو و نا واقیعی ئەوتۆی پێ بدەن کە لە ڕەخنەو پەلاماری ئازادیخوازی کۆمەڵگا دەربازی بکەن،

بەڵكوو لە هەمان كاتدا سەرجەم ئەو بۆچوون و رەهەندە روناكبیری و كەمتر سیاسیەشی دوچاری قەیرانێكی ناسنامەیی كرد كەلە فەلەكی دەسەڵاتی كوردایەتتی دا هێشتا بە دوای ئەفسانەی كۆمەڵگایەكی تولێرانس و مەدەنی و هاوچەرخ دا دەگەڕێن و دەیانەوێ لە ڕەخنە گرتن لە كەم وكوریەكانی ئەودەسەڵاتەوە، ناكامیەكانی ئەو بزووتنەوەیە و دەسەڵاتەكەی و ناسازگار بوونی لەگەڵ ئازادی و پێوەرەشارستانی ترو ئینسانی ترەكانی دنیای ئەمڕۆ پینەو پەرۆ بكەن.

بەشێك لەو بۆچونانە ئەم جۆرە رەفتارە دەگێرنەوە بۆ ئەوەی كە گوایەدەسەڵاتەكانی ئەمڕۆی كوردستان لە خوێندنەوەو تێگەیشتینی نۆرم وپێوەرە ئینسانی وتولێرانسەكانی ژیان ورەهەندەكانی دیموكراسی وئازادی زەین كوێرن بە هەڵەداچوون و یان لێی نازانن یان ئەوەی كە كێشەی سەرەكی نەبوون ونەرِسكانی دەزگاكان ودەسەڵاتی دەزگاكانە(دەسەڵاتی مونسسات)لێرەشەوە بەناچاری لەبری ئەوەی بگاتە خوێندنەوەیەكی جیددی وریشەیی وئینسانگەرا لەرەخنەی ستراكچەری كولتور وگوتاری دیكتاتۆریانەو توتالیتێرانەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی كوردستان لە رەفتاری لەگەڵ ئازادی و مافەكانی خەڵك ونەیاران دەگاتە كۆمەڵێك كۆمەڵێك گلەیی و پێشنیارو ئامۆژگاری لەكارەكتەری ئەودەسەڵاتەو لەباشترین حاڵەتدا لەرەفتاری سەرەرۆیانەی ئەودەسەڵاتەدا خیانەت و كارەساتێكی نەتەوەیی دەبینێتەوە!!

بەڵام راستیەكەی ئەوەیە كەقەیرانی ئەمڕۆ بە هیچ جۆرێك قەیرانی بەدحاڵی بوون و زەین كوێری دەسەڵاتی ئەمڕۆی كوردستان نیەلە خوێندنەوە وبەهەند وەرگرتنی نۆرم وپێوەرە ئینسانی وتۆلێرانسەكانی ژیان وئازادی ،بەڵكو قەیرانی خاڵی بوونی ستراكچەروبونیادی كولتوروگوتارو فەلسەفەی سیاسی وكۆمەڵایەتی ئەو دەسەڵاتەیە لە نۆرم وبەهاو پێوەرە ئینسانی وتۆلێرانسەكانی ژیان. قەیرانی رووت بوونەوە ودالمالرانی دەسەڵاتە لەوخەون وخولیا یانەی كەبەناهەق بەو دەسەڵاتەدا هەڵواسراون یان هەڵواسرابوون ودەركەوتنی دەسەڵاتی ئەمڕۆی كوردستانە وەك خۆی بە دوور لەو جوانكاری ومەكیاجەدیموكراتیك ودیكۆرە زیادانەی كەدەسەڵات بەناچاری بڕیاری یاری كردن بە هەست وسۆزەكانی هاوڵاتی وراوكردنی ئیرادەی خەڵك ورامكردنییان لەخزمەتی ئیرادەوبەرژەوەندیەكانی خۆی بەخۆیەوە گرتبوی.قەیرانی بە هێند هەڵنەگرتنی خواستی قوڵی ئازادی وكۆمەلگایەكی ئازادە لەلایەن دەسەڵاتەوە. قەیرانی نەبوونی دادێكە لەو مەلەكەتەدا هەتا بە هانای پاراستنی ماف و ئازادیەكانی هاوڵاتیانەوە بێ ، هەتا بەهانای ئەو كەسانەوە بێ كە دەكەونە بەرشاڵاوی سەركوت وداپلۆسینی دەسەڵاتەوە،دادێك لەئارادانیە كە كۆنترۆڵی هەوا وهەواس وئارەزووە سەرەرۆكانی دەسەڵات بكا وسنورەكانی دیاری بكاو بیخاتە وە سەر شوێنی واقیعی خۆی،كە گرەنتیەك بدا بە هاوڵاتی تابتوانێ وەك ئەوەی كە دەبێ و پێویستە گوزارشت لە ئیرادەو خواستەكانی خۆی بكاو ماف وئازادیەكانی خۆی بەبێ ترس پیادە بكا. دەریخست كە زمان وگوتاری دەسەڵات، زمان وگوتارێكی لێواو لێوە لە توندو تیژی و بێدادی.

وسەرەنجام ئەوبۆچوونە بەسەرسوڕمانێكی بێ وەڵام و مەتەڵ ئاسا دەگا سەبارەت بەوپرسە گرنگ وچارەنووسسازانە.بۆیە ناتوانێ و نایەوێ ئازادی وبەرگری كردن لەئازادی لەتەپ وتۆزی ئەوچەمكە فیكری وسیاسیانە دەربكێشێ كۆمەڵێك پیرۆزی پێش وەخت وئەزەلی كە سەروی رەخنەو سەروی هەموو بەهاكانی ترە كەرەستە وماتریاڵی رەوایی بەخشین بە سەركوتی ئازادی و مافەكانی خەلك بووە وهەیە لە كێشمەكێشەكانی ئەمڕۆ بە قازانجی دەسەڵات ساغ بكاتەوە!!

یەکێکی تر لە وبۆچونانەی کەسیمایەکی دیاری ڕەهەندێکی فیکری و نا سیاسیە پێک دەهێنێ ئەوەیە کە پێی وایە کێشەی دەسەڵات وخەسڵەتی سەرەڕۆیانە و دیکتاتۆریانەی دەسەڵات لە ڕەفتاری لەگەڵ کۆمەڵگاو ئازادیەکانی هاوڵاتی ،دەگەڕێتەوە بۆ نەبوون ونەرسکانی دەسەڵاتێکی موئسسەساتی و موئسەسەیی نەبوونی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان.بەپێی ئەو بۆچونە ئەگەر دەسەڵاتی موئسەسات جێگیر بکرێ ئیتر کێشەی دەسەڵاتی سەرەرۆی کوردستان چارەسەر دەبێ ئیتر نیگەرانیەک لەمەڕ پرسی بوون نەبوونی ئازادی لەئاراد نامێنێ. ئەوە بۆچوونێکە کە لە بەهێزی ولاوازی پارامەترە ئیداریەکانی دەسەڵاتی کوردستانەوە دەست پێ دەکا نەک لە خەمێکی جیددی بۆ سەروەری ئازادی لە کۆمەلگا داو رسکاندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد وکراوەو تۆلێرانس و دواترلە بانگەواز بۆ چاکسازی وپینەوپەڕیەکی شکلی ئەو دەسەڵاتە کۆتایی دێ.ئەو بۆچوونە هەرچەندە خوێندەنەوەیەکی جیددی بۆ ئەو پرسانە نیە،بەڵام لە قەیرانی ئەمڕۆ دا ئامادەبوونێکی جیددی هەیە.ئەمە بۆچوونیکی ئینسانگەرا ورەخنەگر نیە بەقەدەر ئەوەی کەبۆچوونێکی دەسەڵاتگەرا وکورت بینە.بۆیە سەرەنجامی ئەو بۆچوونە بارهێنانی کۆمەڵگاو ناوەندی روناکبیری و سەلیقەی ئازادیخوازانەی کۆمەڵگایە بەکەمتەرخەمی وتەمبەڵیەکی ترسناک لە ئاست پرسە چارەنووسسازەکانی کۆمەڵگای کوردستان، لە ئاست پرسی ئازادی ومافە مەدەنی وفەردیەکانی خەڵکی کوردستان!!

یەکێکی تر لەو روانگەو بۆچونانەی کە لەو قەیرانەدا ئامادەیی هەیە کە بۆچونێکی دەسەڵاتگەراتر و سیاسی تر پوختە ترە ئەوەیە کەلەبەرامبەر بزووتنەوی بەرگری کردن لە ئازادی د.کمال بەتایبەتی و پێویستی مسۆگەر کردن وچەسپاندنی پرەنسیپی ئازادی بێ قەیدومەرجی لەکوردستان ،چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوەیی بەدەستەوە گرتووە و پێی وایە ئەوەی لەوسکانداڵە سیاسیە بکەوێتە بەرامبەر دەسەڵاتی خۆ وڵاتیەوە، خەریکە بەرژەوەندی نەتەوە و بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی تێک دەدا . ئەو بۆچوونە بە فتوای خیانەت لەدژی ئازادیخوازان دەگاو باس کردن و پەردە لەڕوو هەڵماڵینی واقیعی سەرکوتگەری سەرەڕۆیی داپڵۆسین و خەساندنی کۆمەڵگا و زەوت کردنی ئازادی لەلایەن دەسەڵاتی هاوزمان وهاوخوێنیەوە ، بەلایەوە لە کۆمەڵێک موبالەغەی شەیتانی و گومان لێکراو لەباشترین حاڵەتدا کۆمەڵێک هەست وسۆزی ڕۆمانتیک ومناڵانە زیاتر نیە کە دەیەوێ پرۆژەکانی هەرەس پێ بهێنێ. بۆیە ئەو بۆچوونە ئاڵا ی جەنگی ئایدۆلۆجی وسیاسی دەسەڵاتە لە دژی ئازادی و ئەو بزووتنەوەو بزاوتە رەخنەگرە ئازادیخوازەی کە ئازادی وەک پرسی سەرەکی وخەمی ڕاستەقینەی خۆی ڕاگەیاندووە، ئاڵایەکە ئەو حەقە پێش وەخت لەسەر دەسەڵات تاپۆ دەکا کە حەڵاڵ وحەرامی ژیانی خەڵک دیاری بکا وسنوورەکان وپانتایەکانی ئازادی بە نیازو مەرامەکانی ئەو دەسەڵاتە بەرتەسک بکاتەوە.ئاڵاو پەرچە کردارێکە بۆ قودسیەت بەخشین بە سیمبۆلەکانی دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان . ئەم بۆچونە بە تایبەت کە بزووتنەوەی ئازادی د. کمال لە فراوان بوونەوەدایە وەک دوا دەستباری دەسەڵات گورێکی زۆری وەرگرتووە وقسەکەرانی خۆی لە ناوەندی ڕونلکبیری کوردی بۆ پەیدا بووە .ئەمە دەتوانێ بۆ خەڵکی کوردستان کارەساتێکی تەنانەت لەوەی کە تا ئێستاش ئەو خەڵکە بە چاوی خۆیان بینیویانە مەترسیدارتری لێ بکەوێتەوە .کارەساتی قوربانی کردنی ئاوات وئامانجە ئازدیخوازەکان ، کارەساتی بە کۆتایی گەیشتنی خولیاو ئومێدی دەست ڕاگەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بەڕاستی تۆلێرانس و ئازادو کراوەو مۆدێرن کە تیایدا ئازادی سەروەربێ،کارەساتی دوبارەبوونەوەی

ڕۆژگارەکانی سەرکووت و ترس ودڵەڕاوکی لە ماڵی خۆدا، کارەساتی ماڵ ئاوای کردنی ئاسوودەیی و خەوی ئارام ئاسودە لەسایەی ئازادی. چونکە لەسەراسەری ئەو ناوچەیەی کە ئێمە بە ژیان کردن تیایدا مەحکوم کراوین، تێزی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی کارخانەیەک بووە بۆ بەرهەم هێنانی تۆتالیتێرترین و خوێناویترین دەسەڵات و ڕژێمەکان.ئەوە هەر هەمان تێزی بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی بوو کە ئیجازەی بە خێڵی روناکبیرانی ناو فەلەککی ناسیۆنالیزمی عەرەب دا کە چاوپۆشی لە پرسە مرۆییەکان، پرسی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتی بکەن و ببن بەئاوێنەیەک بۆ بەخشینی ڕەوایی بە دەسەڵات ورژێمێک کە هەتک کردنی حورمەتی ئینسانی لە ژێر ناوی بەرگری کردن لەئوممە ونەتەوە هەتا ئەوپەڕی برد.هێتلەرو پینۆشەو خومەینی ودەسەڵاتە شمولی ورەهاکانی دنیای ئەمرۆ هەموو ،بەم چەکە قەسابخانەیان لەجەستەی ئەوخەڵکانە هەڵچنی کە دەکەوتنە ناو بازنەی ئەوکەسانەی  بە دژایەتی ئاسایشی وڵات ونەتەوە تاوانبار دەکران ودەکران بە خائین ،هەڵگەراوە، دڵ رەش و دەکران بەشایەنی هەر سزا و قەساوەتێکی دڕندانە.ئاخر کام ڕژێم و دەسەڵاتی تۆتالیتێر هەبووە وهەیە کە لە جەنگی خۆی لە دژی ئازادی، لەسەرکوت ومل هوری خۆی دابەرامبەربە کۆمەڵگا نەچووبێتە پەنای تێزی بەرژەوەندی نەتەوەو ئاسایشی نەتەوەیی؟؟!کام دەسەڵات ورژێمی سەرکوتگەر هەبووە کە خۆی نەکا بەکوێخای خەڵک و لەژێر ناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی نەکا بە کائین و بوونێکی پیرۆزو سەروڕەخنە ولە پەنای ئەو ناوە دا نەکەوێتەشێلانی هەرچی بەها پیرۆزەکانی ژیانی مرۆڤ هەیە؟؟!!

بۆیە ئەو بۆچوونە کە بەرگی دلسۆزی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کرۆتە بەری و بەناوە هاتۆتە شەڕی بزووتنەوەی ئازادی د.کمال وبزووتنەوەی چەسپاندنی پرەنسیپی ئازادی بێ قەیدو مەرج، لەولاوە هیچ پرسیارێکی جیددی نیە کە لەدەسەڵاتی بکا،لەبەرامبەر ئەو سیاسەت وکاروکردەوانەی حیزبەکانی دەسەڵات لەکوردستان کە هەرکامەیان بۆخۆی بە مانای پێشێل کردنی ئیرادە و ماف و ئاسایش وئاسودەیی خەڵکی کوردستانە.لەبەرابەر دنیایەک لە گەندەڵی وناهەقی دەسەڵات بێ دەنگە، لەبەرامبەر ئەو سیاسەتە کە بەفیشەک وەڵامی خواستی خەڵک تەنانەت بۆئاو کارەبا دەداتەوە حەوسەڵەی قسەیەکی جیددی نیە، ڕاکێشانی خەڵکی کوردستان بۆ دەنگ دان بە دەستوور و دەوڵەتی عروبی ئیسلامی شیعەگەرا کەسەراپای دژی ئاوات وئامنجەکانی خەڵکی عێراق بەگشتی وخەڵکی کوردستانە بە تایبەتی و 14ساڵێک بەڕێوە بردنی کوردستان بە یاساکانی بەعس وحوکم دانی نارازیان بە هەمان یاسا و سەدان کارو کردەوەی تری لە جۆرە، موویەک  لەلەشی ناجوڵێنێ و وای لێ ناکا بەوئانجامە بگا کە بەرژەوەندی نەتەوەیی لە مەترسی دایە،کەچی بێ سێ ودوو بەبێ هیچ دوودڵیەک بزووتنەوە وبزاوتی بەرگری کردن لەئازادی دەخاتە خانەی دوژمنایەتی ئەوشتەی کە خۆی ناوی لێ ناوە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەەیی. لیرەدا دوو فاقی و خەسڵەتی دوو ڕوویانە ، سیاسی و واقیعی هەڵگرانی ئەم تێزە بە تەواوی خۆی نیشان دەدا. خەسڵەتی پێوانە کردنی ڕاستیەکان و ژیان وکێسمەکێشەکان بە دوو پێوەر. لیرەدا دەردەکەوێ کە ئەو بۆچوونە کوڕی شەرعی دەسەڵاتە!! ئەو بۆچوونە چەترێکە کە هەموو ئەو کەسانەی لە ناوەندی روناکبیری کوردی گرتۆتە خۆ کە ئەفسانەی قودسیەت و سەرورەخنە بوونی دەسەڵاتیان قبووڵ کردووە و ئێستا خەریکن لە گەمەیەکی سیاسی ئاشکرادا ، عریزەی پاڕانەوە وبەڕائەت بۆ د. کمال پڕ دەکەنەوە و داوا لە دەسەڵات دەکەن کە بە گەورەیی خۆی بیبەخشێ ، هەموو ئەوانە دەگریتە خۆی کە خەریکن سکانداڵی سیاسی حوکمی30 ساڵ زیندانی ،دەپێچنە کەڵەک وکوڵەکی یاسا وشانۆگەری دادگاوە .

**رفاندن و بێ سەروشوێن کردنی 50ڕۆژەی د.کمال سیدقادر لەلایەن دەزگای پارستنی پارتی دیموکراتی کوردستان ودواترسەپاندنی حوکمی30ساڵەی زیندانی بەسەری دا لەدادگایەکی فەرمایشی وخێراودەست وبرد،بەبێ ئەوەی هیچ ئیمکانێکی بەرگری کردن لە خۆی فەراهەم بکرێ وبەبێ ئەوەی ماف وئازادیەکانی تەنانەت تاوان بارێکیشی بۆ فەراهەم بکرێ، سکانداڵێکی سیاسی تەقاندەوە کە سنورەکانی ئەو بێ دۆش دامان وبێ دەنگیەی تێکشکاند کەتەلیسمی زەبروزەنگی دەسەڵات سەپاندبووی ولە دووڕیانی چارەنووسسازی تەسلیم بوون بەئیرادەی سەرەڕۆیانەی دەسەڵات یان دەست هەڵبڕین ودەنگ هەڵبڕین بۆبەرگری کردن لە ئازادی،ڕیزێکی بەرین لەئازادیخوازانی هێنایەپای جەنگین لەپێناو بەرگری کردن لەشکۆی ئازادی. ئەگەرچی دەنگەکان جیاواز بوون ولێکدانەوەکان هەمە جۆر وتەنانەت زۆر جاریش ناکۆک وناتەبابوون ،بەڵام هەموو ئەودەنگ ڕەنگ و وێنەو ڕەهەندە فیکری وسیاسیە جیاوازانە لە دەوری پەرچەمێک،لەدەوری بەهایەکی مرۆیی ومۆڕاڵی گەورە کەبەبێ بوونی هەموو جوانیەکان وسەروەریەکانی ژیانی مرۆڤ بێ بایەخ دەردەچن،واتە ئازادی،وێنەو دیمەنێک لە ئینسانگەرایی و ئازادیخوازی بەرجەستەکرد کە وا پێ دەچوو لەکۆمیلگای ئێمەدا بەرەولاوازی چووبێ!! ئەمە بزووتەنوەیەکی ئومێد بەخش و نمونەیەکی کارای دەسەڵات و توانای بزووتنەوەیەکی ئینسانگەراو ئازدیخوازە کە بێ گومان نەک هەر لە مسۆگەر کردنی ئازادی بێ قەیدو مەرجی د.کمال بەڵکو لە هەروەها لەسەپاندن وچەسپاندنی ئازادی بێ قەیدومەرج لە کوردستانیش دا کاریگەرو سەرکەوتوبێ. دەستری هەموو ئەوانە دەگوشم کە ئەو بزووتنەوەیان خستەسەر پێ!!**

14.1.2006